# هەموو عیراق

# لە بازووی صدام حسین دا

# سەرکەوتووخۆی دەنوێنێ ..



## نیسانی خۆشەویستی

نیسانـــی خـ ـۆشەویستی
لابـەری خـــەمو پەستـی
دنیـات پــڕ لـه گـوآزاره
هـــەموو لا لالـــەزاره
شـنـــەی گـــول
خـــەندەی منـــدال
جـریوەی خۆشـی باآدار
ژیـــان ئـەدەن بەدلــدار
لـــه عـیراقی شیرینـــا
لـــه لانـەی خۆشـی ژینـا
هـەموو رۆژمـان بەهـاره

رۆآـەی مـەردو بەکـاره
چیـای بـەرزی کوردستان
پێدەشتی باشووری جـوان
بـە دەستکەوتەی شۆڕشمان
بـوه بەهەشـتی ژیـان
ئـەی ( صدام )ی سەرکردە
رۆآـەی ئـەم گەلـە مـەردە
خـوا تۆمـان بـۆ بهێلـێ
خۆشـیو شادیمـان نـابڕێ
بـژی ئـەی سەرکردەمـان
بـاوك بـراو رابـەرمان

**ئەی سەرکردە ...**

**لە وەتەی هەیت ، هەموو ساتێکی ژیانت بریتی‌یە لـە خەباتو کۆلنەدان ، لە رەنجو هیلاکی لە پێناوی پاراستنی ئەم عیراقە ئازیزە لە دەست جادوگەران ، چونکە تـــۆ رەسەنیت ...**

# لە یادی

# لە دایك بوونی سەرکردەدا

کاوە محمد ابوبکر

تو خۆری هەلاتووی ئـەم عیراقە بەرینەی ، لـە چیاوە تا دەشتایی ، خۆشـــیان دەوێی ... خۆشەویستی تۆ ، وێردی سەرزاری هەموو منداڵانە ، کە لە هەموو کاتێکا باوکی ئەوانیتو ،، هەمیشە لە باوەشیان دەگری ...

عیراق بـە تۆوە جوانە ، عیراق بە تۆوە گەشەو سەربلندە ، چونکە تۆ بـــووی نێ‌کۆشایتو خێرت بەخشی، ئەم وولاتە شیرینەت کـردە جوانیو مانای خۆشەویستیت فێرمان کرد .. ئـــەی سەرکردە ... لە هـــەر شوێنێ کە پەیدا ئەبـی ، خۆشیمان بۆ دێنی ،خۆشی دابەش دەکەیتە سەرمان ..

کوردستانت کردە بـــەهەشت ، بۆیە کە نـاوت دێ پیـــرو منداڵ ، ئافرەت ،بیاو ، لەگەل ناوت دەهەژێن ..تۆ بووی سەربەرزیـــت فێرکردن ... بەشـــادیو خۆشی .

لە خۆشو ناخۆش‌دا هەرلەگەل گەلەکەتدایی .. لێی جیا نابیتەوە .. چونکە لـــە پێناوی سەربەرزی گەلەکەتدا قەت ماندوو نابیت ..

گەلەکەت شانازیت پـــێدەکا ... لە ئامێـــزت دەگرێت ... دوعات بـــۆدەکا ... لە کارگـــەو قوتابخانەو هەموو کونـــجو کەلەبەرێك بۆت هاوار دەکەن «بژی صدام ...» بژی ئـەوڕۆلە بە جەرگە کە مـــاوەی چەند ساڵە دوژمن ڕاودەنێ. دوژمنی چەپەل کە لە داخـی سەربلندی عیراقی کۆلنەدەربڕ دەداتە شارو دێهـــاتو بەزەیی نایەتەوە ... بـــەلام‌تۆ لەو هەموو کاتە لێمـــان دەبیتە میوانو لەگەل ئێمەدابە جوتە لە ئاهەنگـــــی ڕەشبەلەکی ســـەرکەوتن‌بەشدار دەبی . ئەی ڕۆلـــەی بە وەفا ...

خوا تۆی بەم گەلە دلێـرەبەخشی بۆ ئەوەی عەمیشـــە ئالآمان بەرزبێ ... ئالآمـــان‌شەکاوە بێ ،، گەلەکـــەت تۆی خستۆتە دل... وێنەتی لە دلی هەموو منداڵانـــدا نەخشاندووە .

خۆشەویستی تۆ ڕۆژ بـــە ڕۆژ هەر زیندوو دەبێتەوە.. نامرێ .تۆ بوویتە بەلگـــەی سەرکەوتن ... نـــەوەی دلێرمان بەو پەڕی دلسۆزی باست دەکا ...لەدلی خۆیت ڕادەگرێ تۆ هەر سەرکردە- یەك نیت ، بەلکو سەرکردەو مامۆستاو خۆشەویستـــی هەموومانی .ئەی قارەمان.!

ئەمساڵیش بەبۆنەی لـە- دایك بوونت ماچت دەکەین ، داواکارین لە یەزدان تەمەنت درێژتر بێت ...بـــــۆ سەربەرزی عیراقو بۆ گەلـە تێکۆشەرەکەت .

**لەگەل ٣٨ ساڵەی لەدایك بـوونـــی حزبی فەرماندەدا پیشانگای دوازدەم بـــۆ هونەرمەندە تەشـــکیلیە تێکۆشەرەکان کرایەوە بریتـی بوو لە (٢٠٠) کاری هونەریی. کـــــــە پیشاندانی رووی پێشـــکەوتنـــی شارستانیەت نیشاندەدا .**

هەروەها بیرەوەریەکانـی حزبو ئێستایو بەو کـارە هونەریە داهێنەرانـــەی دەربڕینی جەنگی رەوامانە کە مێژوویەکی زیندوە بـــۆ هەلوێستی قارەمانانەی سوپا سەرکەوتوەکەمانو توانـــای گەلە مەزنەکەمانو بەیەکبە- ستنەوەیەکی مێژوویی لــــە نێوان مەفهومی خێرو شەڕدا لەم قۆناغەشدا ناتوانـــرێ هونەرمەند لـــە جەنگ



بەرهەمی هـونـەرمـەنـدە تەشکیلیەکان هەر لـــــە پیشانگایەکەمەوە تاوەکـو ئـــــەم پیشانگایە دەرك بـــەوە دەکەین پێشکەوتنێکی چەندیو چۆنیەتی هەیە لــەم بەرهەمانەدا .لە پیشانگـای یەکەم لـــە ساڵی (١٩٧٤)دا ژمارەی بەشداری‌بووان لـــە (٣٠) هونەرمەند تێنەدەپەڕی و ژمارەی بەرهەمەکان (٣٥) کاری هونەریی بوون .

بەلام ژمارەی بەشـداری بووان لەم پیشانگایەدا (١٢٠) هونەرمەندەو بەرهەمەکـــان (٢٠٠) کاری هونەریـــــەو هونەرمەندان لە میـــــرو لوبنان تێدا بەشداریان کردوە

ئەوانەی بەشداری ئـــەم پیشانگایەیان کردوە : خالد الرحال ، فائق حسن ،نوری الراوی ، اسماعیل فتـــاح ، اسماعیل الشیخلی ، سهیل

# پیشانگای دوانزەهەمی حزب بۆ هونەرمەندە تەشکیلیەکان





جیابکرێتەوەو زەمەنیشـــی عاملێکی بنەڕەتیــە بــــۆ دیاریکردنی هەلوێســـتی هونەرمەند سەبارەت بـــــە جەنگ دژ بە دەسدرێژکاری ئێرانی چاوچنۆك .. هونەرمەند (مخلد المختار) سەرەکی لێژنەی ئامادەکردنی پیشانگایەکە کە مانگێـــــك دەخایەنێ لە هۆلی (المتحـف الوطنی للفن الحدیث) ووتی:ـ کاتێك چاودەخشێنینەوە بـــە الهنداوی ، عزام البـــزاز ، سهام السعودی ، لیلی العطار ،عامر العبیدی ورافـــــع الناصریو کەسانی تر ..

Institut Kurde de Paris

# لە دایك بوونی سەرکردە

## لە دایك بوونی عیراقی مەزنە





دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

سالی ۱۹۷۰ دامەزراوە

# هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
ژمارەی تایبەتی

پێنج شەممە ۱۹۸۵/٤/۲۵ ژمارە ۷۸٦ — ۱۲ لاپەڕە — بە ٥٠ فلسە — الخمیس ۱۹۸۵/٤/۲۵ العدد ۷۸٦

به چاودێری سەرەکی فەرمانده صدام حسین ....

## کونگرەی دووەمی میللی ئیسلامی دەستی پێ کرد

**بە چاودێری سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەیانی رۆژی دووشەممەی رابوردوو کۆنگرەی دووهەمی میللی ئیسلامی لە بەغدادا کرایەوە .**

**کۆنگرەکە لەپێشدا بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کردو پاش ئەوە ئامادەبووان فاتیحەیان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی پیرۆزی صدام خوێند .**

ئەنجا نوێنەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین ، بەڕێز عزة ابراهیم جێ نشینی سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتارێکی خوێندەوە لە سەرەتایا سلاوی بەڕێز سەرەك صدام حسینی گەیاند بەو زانا بەڕێزانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەشداری دەکەن و هیوای جەنابی سەرەکی پێ گەیاندن کە سەرکەوتوو بن لە کۆششی چاکەیانا بۆ بەرژەوەندی موسولمانان و سەربەرزی و یەکێتی گفتیان .

ئەنجا ئەوەی دەسنیشان کرد کە موسولمانان بە چاوی هیواو گەشبینی یەوە سەیری کۆنگرەکە دەکەن لەبەر ئەو جێگایەی کە هەیەتی بەهۆی سروشتی ئەو ئامانجە پیرۆزەوە کە لەپێناویا کۆبووەتەوەو لەبەر گەورەیی ئەو ئەرکە مێژوویی یەی لە بەردەم بیروباوەڕو بەهاو لە بەردەم هەمووی موسولمانانا هەلیگرتووە .

شایانی باسە هاوڕێیان عبدالمجید الرافعی و نعیم حداد ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ژمارەیەك لە هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمی حزب و وەزیرە بەڕێزەکان و زیاتر لە ٤٠٠ پیاوی ئیسلامی و زانای ئایینی و خاوەن بیری ئیسلامی و نوێنەرانی کۆمەلە ئیسلامی یەکان و چەند وەزیرێکی ئەوقاف لە ولاتە عەرەبی و ئیسلامی یەکانا ئامادەی بوون .

## هێزە دلێرەکانمان بەردەوامن لەسەر کوتاندنەوەی دوژمن

**هەموو رۆژێ رادەبووری و هێزی چەکداری ئازامان زیاتر دەیسەلمێنن کە شێری مەیدانەو خاوەنی توانای وزەیەکی لەبن نەهاتووە کە لە تواناو وزەی گەلێکی خاوەن مێژووی سەربەرزەوە هەلێنجراوە کە گەلی عیراقی دلێرە .**

هەموو رۆژێ بەو دەستە مەردانانەی دەیدات بەسەر سەری دوژمنی ئێرانی نەفامدا زیاتر لیهاتووی خۆی دووپات دەکاتەوە لە لەگۆڕنانی خەونەکانی خومەینی جەپەل و جادووگەر

بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەم هەفتەیە لەهەموو بەرەکانی جەنگ لێدانی توندو جەرگ بڕ ئاراستەی بنکەو مۆلگاکانی دوژمن کراوە ، هەلـــو

بەتواناکانمان زیاتر لە ۲٥۹ هەلمەتی شێرانەیان بردۆتە سەریان و هیلیوکوپتەرە ئازاکانمان زیاتر لە ۸۸ هەلمەتیان بردۆتە سەریان و زیانی سەرو مالی زۆریان بە دوژمن گەیاندووەو پشت بەخوا هەمووش دوای بەجێ هێنانی ئەرکیان بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان .

بنکە تۆپەکانمان ئاگریان بەسەر بنکەو سەنگەرەکانی دوژمندا باراندووەو ئەم هەفتەیە زیاتر لە ٦۹ سەنگەرو نوختەی چاودێری دوژمن بەسەر هێزەکانیاندا روخێنراوە .

هەروەها لە کەرتی رۆژهەلاتی دیجلە زیاتر لە ٤۹ بەلەمی عەسکەری دوژمن نوقم کراوەو بەوانەوە تیایاندا بوون سەر نکوم کراون .

لەم هەفتەیەدا شەپۆلی راکردنی عەسکەری و مەدەنی یە ئێرانیەکان لە دۆزەخی خومەینی و خۆدانیان بە دەست هێزەکانمانەوە لەسەر سنوور بەردەوام بووە

## یادی رۆژێکی مەزن

مصلح جەلالی

ئەم عیراقە خۆشەویستەی کوردو عەرەب هەرچەندە هەموو رۆژێك یادی جەژنێك لە جەژنە مرۆڤانە پڕ لە سەرکەوتن و پێشکەوتووەکانی ئەکاتەوە بەلام ( ۲۸ )ی مانگی نیسان یادی گەورەترین و پیرۆزترین جەژنی نوێ ئەکاتەوە کە ئەویش یادی لەدایکبوونی سەرکردەی میللەتی عیراق هاوڕێی خەباتگێڕ صدام حسینە .

لەدایکبوونی سەرەکی فەرماندەی عیراق واتە سەربەستی خاکی عیراق و پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب و بەختیارکردن و گەشەسەندنی هەموو عیراقی یەك لە ژێر ئەو دەوارەدا کە دەواری یەکێتی عیراقی یەکانە لە هەموو بوارێکدا .

ئەم رۆژە مەزنە لەلایەن هەموو رۆلەیەکی عیراقەوە پاراستنی خاکی عیراق و ئەو دەسکەوتە گەورانەیە کە هاوولاتیان لە سایەی سەرکردایەتی یە پێشکەوتووەکەیاندا دەستیان کەوتووەو دەستی کوشندە وەشاندنە لە خواستەکانی کاربەدەستە چاوچنۆکەکانی رژێمی ئێران .

گەلی کوردمان لە کوردستانی عیراق زۆر بەشانازی یەوە یادی ئەم روژە بالایە ئەکاتەوە چونکە لەسایەی پالەوانی لەدایکبووی ئەو روژەدا توانی مافی نەتەوایەتی خۆی وەربگری و ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دابمەزرێنن و مافی لە هەموو بوارێکا دەستگیر بێ کە دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی کە ئەرکی خزمەتی بەرهەمی رۆشنبیرانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و رۆژنامەی هەفتانەی هاوکاری و گۆڤاری مانگانەی بەیان و رۆشنبیری دەرئەکات بەرهەمی چاوهەلهێنانی ئەو هەڤالە خەباتگێڕەیە کە لەو رۆژەدا هاتە جیهانەوە .

ئەم رۆژە شیرین و خۆشەویستەوە نەبێ وەك خۆرێك بۆ هەموو عیراقی یەك هەلاتبێ بگرە گەورەترین و دلسۆزترین پشتی سووپای ئازادیخوازی فەلەستین بوو دەستێ یارمەتی بوو بۆ هەموو هێزێکی ئازادیخوازی ناوچەکە .

بیجگە لەمانە گشت هەر لەدایکبوونی ئەو رۆلە نەبەردەی ئەو رۆژە ئەو گیانە بەرزەبوو کە عیراقی کردە قەلایەکی پێشکەوتوخوازو دۆستو ئاشنای هەموو دەولەتانی تازە گەشەسەندوو کۆلەکەیەکی سەرەکی نێو ولاتانی بێ لایەن و هێزێکی پتەوی ئاشتی خوازانەی جیهان .. بەلێ رۆژی لەدایکبوونی سەرکردە واتە دەست وەشاندن لە هەموو هێزێکی ئیمپریالی و زایۆنی و گەڕانەوەی گەلی عەرەبی فەلەستین بۆ سەر خاکی زەوت کراوی .

نموونەی مەزنی ئەم رۆژە روونا کە ئەوەیە کە ئیمپریالیزم و زایۆنی و کۆنەپەرستانی ناوچەکە هانی رژێمە نەزانەکەی ئێرانیاندا بۆ ئەوەی کە عیراق لەم بەخششینی ئەم بەخششە بەکەلکانە دوورخەنەوەو بەجەنگەوە خەریکی کەن .

بەلام میللەتی عیراق کە پەروەردەی بیروباوەڕی رۆلەی لەدایکبووی ئەو رۆژە بەفەڕو نرخدارەیە .. هەرگیز لەو بەخششانە دوا ناکەوێ چونکە ئەو گیانە پرشنگدارەی هەیە کە بەدەستێك بەرهەمی چاك وە بەردینی و بەدەستەکەی تری پارێزگاری هەموو بستە خاکێکی عیراق ئەکات و دلێرانە دەستی پۆلایین لە دوژمنی چاوچنۆك ئەوەشێنی و تەمبێیان ئەکات .

هەربژی و زیندوو بێ یادی ( ۲۸ )ی نیسان رۆژی لەدایکبوونی سەرەکی هەلکەوتووی عیراق صدام حسین .

هەربژی رۆلەکانی عیراق کە هەلگری ئەو ئالایەن کە سەرکەوتنی شۆڕشی ۱۷ - ۳۰ی تەموز شەکاندیەوە کە ئەویش پاراستن و گەشەسەندن و یەکێتی عیراق و هەموو نەوەیەکی دلسۆزی عیراق و بەهێزکردن و پتەوکردنی هەموو هێزێکی چاکەخوازو ئاسایش خوازی جیهانە .

Institut Kurde de Paris